

زەکی میلاد

وەرگێڕانی: ڕامان مەحمود




# کولتوور و ئایین

## خوێندنەوەیەك بۆ تیۆرەکەی تۆماس ئیلیۆت

## ئیلیۆت و تیۆری کولتوور و ئایین:

هەمـوو ئەوانـەی لـە کایـەی لێکۆڵینـەوە کولتوورییەکانـدا ئیشـیان کـردوە، کاتێـك دەیانەوێـت قسـە لـە پەیوەندیـی نێـوان کولتـوور و ئاییـن بکـەن، زۆرجـار دەگەڕێنـەوە بـۆ هـزر و بیرەکانـی شـاعیر و ڕەخنەگـری نـاسراوی ئینگلیـز تۆمـاس ئیلیـۆت (1888 – 1965 .ز)، کـە لـەم بـوارەدا نیمچـە تیۆرێکـی دانـاوە و لەکتێبەکەیـدا: «چەنـد تێبینییـەك بـەرەو پێناسـەکردنی کولتـوور» کـە سـاڵی 1948 بڵاوکراوەتـەوە، باسـیکردوە و گرنگـی و بایەخێکـی زۆری پێـداوە و داکۆکیشـی لێکـردوە.

زۆرێـك لـە توێژەرانـی بـواری فیکـری و تیـۆری و پێناسـەکانی کولتـوور بـۆ ئـەم کتێبـەی ئیلیـۆت دەگەڕێنـەوە، چونکـە کتێبەکـە بەهایەکـی فیکریـی هەیـە و بـە هۆیـەوە ئیلیـۆت سـاڵی 1948 خەڵاتـی نۆبڵـی وەرگـرت.

دیـارە راوبۆچوونیـش هـەن، کـە ڕەخنـە و شـیعرەکانی یارمەتیـدەر بـوە لـە پێکهێنانـی ئەدەبـی هاوچەرخـی ئینگلیـزی.

تیۆرەکـەی ئیلیـۆت لـە بـارەی کولتـوور و ئایینـەوە لـە سـەروبەندی گەرمبوونی مشتومڕ لە بارەی پەیوەندیی نێـوان کولتـوور و ئایینـەوە بایەخـی زۆری پێـدراوە، بـەڵام بـە هـۆی کەمتر بوونـەوەی ئـەو مشـتومڕە لـە بازنـەی کولتـووری ئەوروپـی و بـە تایبەتیتر لـە نێـو ئایینـی مەسـیحیدا، لە ئێستایشدا بایەخـی خـۆی مـاوە بـەڵام کەمـتر.

ئـەم کەمبوونـەوەی مشـتومڕە هەڵوەشـانەوە و تەنانـەت کۆتایـی هاتـن و تێکشـکانی پەیوەندیـی نێـوان کولتـوور و ئاییـن ناگەیێنێـت، بەڵکـو جـار نـا جارێـك قسـەکردن لـە بارەیـەوە نـوێ دەبـوە، وەك لـە کتێبـی «بیرۆکـەی کولتـوور»ی تێـری ئیگڵتۆنـدا دەردەکەوێـت، کـە نوێبونـەوەی مشـتومڕی نێـوان ڕۆشـنبیران، بیرمەنـدان و ڕەخنەگرانـی ڕوونکردوەتـەوە لـە بـارەی پەیوەنـدی نێـوان کولتـوور و ئایینـەوە، هەرچەنـدە وەك مشـتومڕەکەی پێشـووتر گـەرم دیـار نەبـوە.

ئیلیـۆت لـە لێکۆڵینەوەیـدا لـەم تیـۆرە دەیەوێـت تیۆرێکـی لـە بـارەوە دابنێـت، لێکۆڵینەوەکانیشـی بـە تیـۆر وەسـفکردوە. ئـەو وەسـفەی دەیەوێـت بـە هۆیـەوە بـە دوو ئاراسـتەی مەعریفـی و میتۆدیـدا کاربـکات و هـاوکات وێنـای ئەوەشـمان بداتـێ، کـە ئـەو کارکردنـەوەی لـە ڕەوتـی دانانـی تیۆرێکـدا دێـت لـە بـارەی پەیوەندیـی نێـوان کولتـوور و ئایینـەوە، یـان مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم دۆزەدا وەك نموونەگیـری تیۆرێـك و دواجاریـش پێکهێنانـی تێگەیشـتنێك لـەو تیـۆرە و شـیکردنەوەی تـۆڕی چەمکـە پەیوەنـدەکان بـەو تیـۆرە و بەرزەفتکردنـی پەیوەندیـی نێوان ڕەگەز و ڕەهەندەکانـی و دواتریش بونیادنـان و فراوانترکردنی. ڕونتر، ئیلیـۆت ویسـتویەتی بە مەبەسـتی قوڵکردنەوەی پەیوەندیـی نێـوان کولتـوور و ئاییـن، تیۆرێـك بێنێتـە ئـارا، تـا ئاییـن بـەردەوام و بـە ڕۆحانیـەت و کەلەپـور و مێـژوو بـە بەهاکانییـەوە لـە هەمـوو هەوڵێکـدا بـۆ پێناسـەی کولتـوور، یـان پێکهێنانـی هـەر هـزر و بیرێـك لـە بارەیـەوە ئامادەیـی هەبێـت.

ئـەوەی چـاو بـە شـێواز و سروشـتی بیر و بۆچونەکانـی ئیلیۆتـدا بگێرێـت، جیاوازییەکـی زۆری لەگـەڵ

شـێوازی بیرمەندانـی تـردا بـۆ دەردەکەوێـت لـە بـارەی تاوتوێکردنـی پرسـی کولتـوور و ئایینـەوە، تـا ئـەو ڕادەیـەی دەتوانیـن بڵێیـن ئیلیـۆت لـە هەمـوو بیرمەندانـی سـەردەمەکەی و پێشـوتریش زیاتـر دوبارە چەسپێنەری پەیوەندیـی نێوان کولتـوور و ئاییـن بـوە، تیۆرێکیشـی هێناوەتـە کایـەی کولتـوور و لێکۆڵینـەوە کولتوورییـەکان، بەڵکـو بنچینەیەکـی بـۆ بوونـی داناوە کـە ناتوانرێـت پشـتگوێ بخرێـت، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن ئیـتر تیۆرێـك، یـان نیمچـە تیۆرێکمان هەیـە لـە بـارەی پەیوەندیـی کولتـوور بـە ئاییـنەوە.

هـەن بایـەخ بـەم تیـۆرە نـادەن و ناشـیانەوێت خۆیانـی لـە قـەرەی بـدەن. بـەڵام ئەمانـە یـان هەندێکیـان پاڵنـەر دەبینـنـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە گۆشـە نیـگای پەیوەندیـی بـە ئایینـەوە بڕوانـە کولتـوور. هۆکاریـش لـەوەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ هەوڵەکانـی ئیلیـۆت.

## پێکهاتە و ڕەهەندەکانی تیۆرەکەی ئیلیۆت

هەرچەنـد ئیلیـۆت لەسـەروبەندی دانانـی تیۆرێکـدا بـوو لـە بـارەی پەیوەندیـی نێـوان کولتـوور و ئاییـنەوە، بـەڵام لـە کتێبەکەیـدا بەشـێکی تایبەتـی بـۆ ئـەو تیـۆرە تەرخـان نەکـردوە، ئەمـەش گومانێـك دەوروژێنێـت بـەوەی ئاخـۆ بـە ڕاسـتی ویسـتویەتی تیۆرێـك دابنێـت یـان نـا، بـەڵام ئـەوەی ئـەم گومانـە دەڕەوێنێتـەوە، ئەوەیـە کـە خـۆی بـە ڕوونـی و ڕاشـکاوانە ڕایدەگەیەنێـت کـە تیۆرێکـی لـەو بارەیـەوە داناوە. ئـەوەی بـەو تێبینیەمـان دەگەیەنێـت ئەوەیـە کـە ئیلیـۆت بـە شـێوازێکی میتـۆدی و بونیادگـەری باسـی لـە تیۆرەکـەی نەکـردوە و بـە ڕونـی، چەسپاوی سیما، ڕەهەنـد و پێکهاتەکانـی دیـاری بکرێـت، بەڵکـو بـە شـێوەیەکی پەرتـەوازە و پچـڕ پچـڕ قسـەی لـە بـارەوە کـردوە و هەرجـارە و باسـی بیرۆکەیـەك، یـان تێبینیەکـی پەیوەسـتی بـەو پەیوەندییـەوە کـردوە. وێـڕای هەندێجـار دەربڕینـی سەرسـامی و دوودڵـی و چۆنێتـی ئیشـکردنی لـە ئەرکێکـدا کـە چاوەڕوانـی هەڵەکردنـی لێدەکرێـت. خـۆی دەڵێـت: «ئـەوەی مـن ویسـتومە لـە بـارەی دیدێکـەوە بـۆ کولتـوور و ئاییـن ئامـاژەی پێبـدەم کارێکـی زۆر زەحمەتـە و تەنانـەت

**کاتێك ئایین بۆ سەر چەند گروپ و کۆمەڵێکی ئایینی دابەش دەبێت و نەوە بە نەوە پەرەدەسەنن، کولتووری لەیەك جیاواز بڵاو دەبێتەوە. بە هۆی ئەو پەیوەندییەی نێوان کولتوور و ئایینیشەوە ئەوەی بە لایەکیاندا ڕوودەدات بە لاکەی تریشیاندا بە هەمان شێوە ڕوودەدات**

خۆیشم وەك ئاماژەیەك لێی تێدەگەم. پێموایە بە هەموو دەلالەتەکانیشی قایل نیم. چونکە دیدێکە بەهۆی ئاگادار نەبوون لە گۆڕانی مانای هەردوو وشەکە کاتێك بەو جۆرە پێکەوە دەبەسترێنەوە، لە هەموو ساتە وەختێکدا چاوەڕوانی کەوتنە هەڵەی لێدەکرێت و دەشێت ئەو مانایەی پێیدەگەین تەنها بۆ یەکێکیان بێت»...(بڕوانە کتێبی: چەند تێبینیەك بەرەو پێناسەکردنی کولتوور، تۆماس ئێلیۆت، وەرگێڕانی شوکری عەیاد، لاپەڕە 43).

لە کاتێکدا ئیلیۆت، بۆ ئەوەی هێزی چەسپاوی و تۆکمەیی بە تیۆرەکەی بدات، کە بە پێی لۆژیکی زانستی دوو مەرجی بنەڕەتین بۆ هەر تیۆرێك، دەیتوانی لە کتێبەکەیدا بەشێکی تەواوی بۆ تەرخان بکات. ئەوەی منیش دەیکەم، دەرئەنجامگیریەکە لە بارەی دیاریکەر و ڕەهەند و پێکهاتە سەرەکییەکانی تیۆرەکە، تا بتوانین بە هۆی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە لە تیۆرەکە تێبگەین:

### یەکەم: هەموو کولتوورێك لە پاڵ ئایینێکدا دەرکەوتوە

ئەمە ئەو بانگەشەیەی ئیلیۆتە کە لە سەرەتاوە وەك چوارچێوەیەکی گشتی، یان وەك گریمانەیەکی هەرەمەکیی تیۆرەکەی لە بونیادنانی پەیوەندیی چەسپاوی نێوان کولتوور و ئایینندا بڕیاری لێدەدات. ئیلیۆت بە چەندەها وێنە و شێوە جەخت لەم بانگەشەیەی دەکاتەوە و سەرنجی بۆ ڕادەکێشێت. لەلایەك وەك شانبەشانی یەکتری دەرکەوتنی کولتوور و ئایین سەرنجی بۆ ڕادەکێشێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: «کولتوور لەپاڵ ئاییندا دەرکەوتوە و گەشەی سەندوە، لێرەشەوە کە کولتوور بە پێی گۆشە نیگای تێبینیکەر، بە دەرەنجامێك لە دەرەنجامەکانی ئایین، یان ئایین بە دەرەنجامێك لە دەرەنجامەکانی کولتوور دانراوە». لە لایەکی تریشەوە سەرنج بۆ پاراستنی بوون و مانەوەی کولتوور ڕادەکێشێت و پێیوایە هەڵە دەبێت، گەر پێمانوابێت دەتوانین بەبێ ئایین کولتوور بپارێزین و گەشەی پێبدەین، هەروەك بە هەڵەدا دەچین گەر پێمانوابێت پاراستنی ئایین و بایەخ پێدانی هیچ پەیوەندییەکی بە پاراستن و بایەخدان بە کولتوورەوە نییە».

### دووهەم: هەڵەی جیاکردنەوە و هەڵەی وەك یەك ڕوانین بۆ کولتوور و ئایین

ئەم بیرۆکەیە گەوهەری تیۆرەکەی ئیلیۆتە کە بە تیۆری خۆی ناوی بردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: «بۆ ئەوەی لە تیۆری ئایین و کولتوور تێبگەین کە دەمەوێت لەم بەشەی کتێبەکەمدا باسی بکەم، دەبێ خۆمان لە دوو هەڵەی یەك لە دوای یەك دووربگرین: هەڵەی لەیەك جیاکردنەوەی کولتوور و ئایین کە تەنها پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەبێت، هەڵەی وەك یەك تەماشاکردن و هاوشێوەیی کولتوور و ئایین» (هەمان سەرچاوەی پێشوو). ئەم بۆچوونەی ئیلیۆت لە هەموو بۆچوونەکانی تری ڕوونتر و ڕێکتر و دیاریکراوتر و هاوکات مشتومڕ وروژێنترە.

**سێهەم: کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و بە تەواوی هاوشێوەکردنی کولتوور و ئایین**

ئیلیۆت پێیوایە بە تەواوی هاوشێوەکردنی نێوان کولتوور و ئایین لەو کۆمەڵگانەدا دەبێت کە بە کۆمەڵگای سەرەتایی دادەنرێن. بەڕای ئەو ئەم هاوشێوەکردنە لە ئاستی ناهۆشیاریدا دەمێنێتەوە، کە ئاستێکە بە زۆری خەڵکی مەیلیان بەلایدا دەچێت، چونکە هۆشیاری بە بارێکی قورس دەزانن بەسەر شانیانەوە، هاوشێوەکردنی کولتوور و ئایینیش هەوڵ و تەقەلای دەوێت و بە هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو هاوشێوەکردنەی کولتوور و ئایین خۆ لەو تەقەلایە ڕزگار دەکرێت، کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا هەبوە.

**چوارەم: یەکێتیی ئایین و فرە کولتووریی گەلان**

بە پێی بۆچوونی ئیلیۆت یەکێتیی ئایینی و دابەشبوونیشی دەکرێت، لەگەڵ گەشەسەندن و پوکانەوەی کولتووردا تەبا بێت. تەنها ئایینێك ڕەنگە یارمەتیدەر بێت، بۆ گۆڕینەوەی کاریگەریی نێوان کولتوورە جیاوازەکان و گەشەپێدان و پاراستنیشیان بە سودی هەردوو لایەنەکە. لە بەرانبەریشدا ئیلیۆت پێیوایە زۆرێك لەو دەستکەوتانەی کولتوور کە بە دەستکەوتی گەورەی ناوبردون، لە سەدەی شانزەیەم و لە هەلومەرجی نەبوونی یەکێتی ئاییندا بەدەستهێنراوە، بگرە هەندێ لەو دەستکەوتانە دوای رووخانی بنچینە ئایینیەکانی کولتوور دەرکەوتن، وەك لە فەرەنسا لە سەدەی نۆزدەدا. ئیلیۆت دەڵێت ئەگەر یەکێتی ئایینی لە ئەوروپادا وەك خۆی بمایە بێگومان دەستکەوتی باشتریش لە کایەی کولتووردا بەدیدەهێنرا.

**پێنجەم: پێکهێنانی ئایین واتە پێکهێنانی کولتوور**

ئیلیۆت بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە دەهێنێتەوە و دەڵێت: کاتێك ئایین بۆ سەر چەند گروپ و کۆمەڵێکی ئایینی دابەش دەبێت و نەوە بە نەوە پەرەدەسەنن، کولتووری لەیەك جیاواز بڵاو دەبێتەوە. بە هۆی ئەو پەیوەندییەی نێوان کولتوور و ئایینیشەوە کە ئیلیۆت بە تۆکمە و بەتینی ناودەبات، ئەو پەیوەندییە وا دەکات ئەوەی بە لایەکیاندا ڕوودەدات بە لاکەی تریشیاندا بە هەمان شێوە ڕووبدات. بۆیە، وەك ئیلیۆت دەڵێت، دەبێ بزانین کە دابەشبوونی کولتوورە مەسیحییەکان دەبێتە هۆکاری هاتنەئارای فرە عەقیدەیی و فرە گروپی ئایینی، جیابوونەوەی باکوری ئەوروپایش، بە تایبەتی ئینگلتەرا لە کڵێسای رۆمانی، وەرچەرخانێکە لە تەوژمی سەرەکیی کولتووردا. ئەگەر شیمانە بکرێت کە ئەو کولتوورە لە ئاکامی جیابوونەوەیدا لە جەستە سەرەکییەکەی زیانی پێگەیشتوە، بێگومان جەستەکەش بە لە دەستدانی ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەشێوێت.

**شەشەم: ئایین هێزێکی سەرەکییە لە دروستکردنی کولتوورێکی هاوبەش لە نێوان گەلانی فرە کولتووردا**

لێرەدا ئیلیۆت لە هەڵوێستی بە توندی داکۆکیکردندا لە ئایین بە گشتی و لە مەسیحیەت بە تایبەتی

دەبینین، وەك ئەوەی یەكێك بێت لەو پێشەوا مەسیحییانەی خۆیان بە سەرچاوەی پاراستنی ئایین دادەنێن، چونكە بە لای ئەوەوە مەسیحیەت ئەوروپای گەیاند بەم دۆخەی ئێستای و هەر مەسیحیەتیش ڕەگەزەكانی كولتوورێكی هاوبەشی بۆ ئەوروپا هێنا و بوە هۆكاری گەشەسەندنی هونەر و بنچینەی یاسا لە ئەوروپادا. ئیلیۆت پێیوایە لە دەرەوەی چوارچێوەی مەسیحییەتدا بیركردنەوەمان لە ئەوروپا مانایەكی نابێت و لە كتێبەكەیدا دەڵێت: «دەشێت كەسێكی ئەوروپایی لەو بڕوایەدا نەبێت كە ئیمان بە مەسیحیەت ڕاستییە»، بەڵام ئەوەی دەیڵێت و دەیكات هەمووی لەو كەلەپورە كولتووری مەسیحیەتدایە و لە ماناكەیشیدا هەر پشت بەو كولتوورە دەبەستێت. لەم قسانەی دواتری ئیلیۆتدا پەرۆشی و هەڵچوونی زیاتر دەردەكەوێت كە دەڵێت: «ڤۆڵتێر و نیچە تەنیا دەیانتوانی كولتوورێكی مەسیحی بەرهەم بێنن، ئەگەر ئیمان بە مەسیحیەت بە تەواوی نەمێنێت كولتووری ئەوروپایش بە زیندوویی نامێنێتەوە. بۆیە ئەگەر مەسیحیەت نەمێنێت سەرلەبەری كولتووری ئەوروپییش نامێنێت، ئەگەر كەلەپوری باب و باپیرانمان لە كولتووره هاوبەشەكەدا وەلانا و لە ناومان برد، ئیتر هیچ بە دەست ناهێنین، ئەگەر داهێنەرترین عەقڵیش نەخشەمان بۆ بكێشێت».

**حەوتەم: ڕەخنە لەو هزرەی پێیوایە كولتوور لە ئایین فراوانترە**

ئیلیۆت پێیوابوە گرنگترین خاڵی لاوازی لە كتێبی: «كولتوور و ئانارشیزم»ی ماتیۆ ئارنۆڵد (1822 – 1888ز) كە ساڵی 1869 دەركراوە، ئەو گریمانە بەدینەهاتوەی پەیوەندیی نێوان كولتوور و ئایینە، چونكە ئارنۆڵد ئاماژەمان پێدەدات كە كولتوور لە ئایین فراوانترە، بەڵكو ئایین تەنها ڕەگەزێكی پێویستە كە پێكهاتەیەكی ئاكاری و جۆرێك لە ڕەنگكردنی هەڵچونەكیی كولتوورمان دەداتێ، كە بە دوایین بەها دادەنرێت.

ئارنۆڵد، بەپێی خەملاندنی هەندێك، ویستویەتی ئەو هەستكردنەی بشارێتەوە كە پێیوابوە كولتووری ڤیكتۆری ئەنگێزەیەكی بەرەو ئانارشیزم و ناشەرعیەتی تێدایە، ئەو هیوادار بوو بتوانێت پارێزگاری لە پێوەرە باڵاكانی حوكمێك بكات، یارمەتیدەر بێت لە گێڕانەوەی ئەدەبێكی باشتر و كۆمەڵگەیەكی باشتر، لە كتێبەكەیشیدا «كولتوور و ئانارشیزم» بانگەشەی بۆ كردوە، هەروەها دەڵێن لە شیعرەكانیشدا هەست بە بوونی گومان لە ئایین دەكرێت.

لەوكاتەدا كە ئارنۆڵد خۆی لە هەڵوێستی بەرگریكاردا لە كولتوور بینیوەتەوە، ئیلیۆت لە هەڵوێستی بەرگریكاردا بوە لە ئایین. لێرەشەوە دیدی نێوانیان جیاوازبوە. تیۆرەكەی ئیلیۆت لە گەوهەریدا بەرمەبنای گومان و ڕەتكردنەوە و لادانی هزر و بیری ئارنۆڵد بوە لە كایەی پەیوەندیی نێوان كولتوور و ئاییندا. ڕەنگە ئەمە دیارترین ڕەهەند و پێكهاتە هەمەكی و گشتییەكانی تیۆرەكەی ئیلیۆت بێت لە بارەی پەیوەندیی نێوان كولتوور و ئایینەوە.

## زەمینە فیکری و بابەتییەکانی تیۆرەکەی ئیلیۆت

ئایا زەمینەی فیکری و بابەتی هەن کە هزر و بیرەکانی ئیلیۆتییان دیاری و بەرجەستە کردبێت، واتە ئەو هزر و بیرانەی پێشتر ئێمە وەك هەوڵێك بۆ ڕێکخستن و دیاریکردنیان وەسفی تیۆرمان پێدا؟ ئەو زەمینانە کامانەن؟

بێگومان خستنەڕووی ئەو زەمینانە وامان لێدەکەن بچینە قووڵایی تێگەیشتنەوە لەو هزر و بیرانە و مەعریفەیەکمان هەبێت بە باکگراوند و سروشتی ئەو ڕەگەزانەی کاریگەرییان لە پێکهاتەکانی هەیە. لێرەدا تەنها ئاماژە بە دوو پرسی بنچینەیی دەدەم:

یەکەمیان ئەوەیە کە مۆرکێکی فیکری هەیە،

دووهەمیان مۆرکێکی بابەتیی هەیە.

پرسی یەکەم: کە پەیوەندیی هەیە بە مۆرکی ئەنگێزەی ئایینیی پارێزکار و کاریگەر لەسەر هزر و بیرەکانی کەسێتیی ئیلیۆت خۆی. چونکە لە باسی ژیانی خۆیدا ئاماژە دەکات، کە دوای دانیشتنی لە ساڵی 1914 وە لە لەندەن، لە ساڵی 1927 دا چۆتە سەر پەیڕەوی کاسۆلیك، لە کاتێکدا لە سانت لویس لە ئەمریکا لەدایکبوە، بەڵام ڕایگەیاندوە کە ئینگلیزە. ئەم ئەنگێزە ئایینیە پارێزکاریەی لە هەموو شیعر و شانۆیی و ئیشە فیکرییەکانیدا بە ڕوونی دەرکەوتوە. لە قەسیدەی «چوارشەممەی خۆڵەمێش»دا کە ساڵی 1930 بڵاوکراوەتەوە، ئەو ئەنگێزە ئایینیە دەرکەوتوە و قەسیدەکەش بە هەوڵێکی سەرکەتووانە وەك قەسیدەیەکی ئایینی وەسفکراوە، هاوکات لە قەسیدەی «چوارشەممەی چوار»یشدا کە دواین قەسیدەی پڕ لە مانای ئایینی بوو.

هەروەها شانۆیی «کوشتنێك لە کاتدرائی»دا کە ساڵی 1935 بڵاوکرایەوە و باس لە مردنی ئەسقوف تۆماس بیکیت ( 1118 – 1170ز) دەکات، کە بەرگریکارێك بوو لە سەربەخۆیی کڵێسای ئینگلیزی لە دەستوەردانی پاشایەتی و دواتر بە شێوەیەکی جێ بە گومان کوژرا. لە شانۆیی «ئاهەنگی کۆکتێل» ساڵی 1950 کە بە ئیشێکی شێوە ئایینی و سۆفیگەریی تەواویش وەسفکراوە. (بڕوانە: ئینسکلۆپێدیای عەرەبیی جیهانی، چاپی یەکەم، بەشی دووهەم، لاپەڕە 633).

لە ئیشە فیکرییەکانیدا و بە تایبەتی لە کتێبی «چەند تێبینیەك بەرەو پێناسەکردنی کولتوور» ئەو ئەنگێزە ئایینیە پارێزکارەی ڕوونتر دەبێتەوە. لە پێشەکیی کتێبەکەیدا خۆی بە قەرزداری کەسێکی ئایینی مەسیحی دەزانێت بە ناوی قەشە ف.أ. دیمانت و دوو کەسی تری مەدەنیش بە ناوەکانی: کریستۆفەر دۆسن و کارل مانهایم.

لەبەر بە توندی ئامادەیی ئایین و دید و تێڕوانینی ئایینی لە کتێبەکەیدا، ناچار دەبێت تێبینی بخاتەڕوو، کە ئەو لە شیکردنەوەی هزر و بیر و ماناکان و لە ڕامانیدا بۆ دۆز و کێشەکان پابەندی بیر و بۆچوونە ئایینیەکان نییە، وەك کۆمەڵناسێك گۆشە نیگاکانی خۆی دەخاتەڕوو. وەك دەڵێت: «دەمەوێت تا ئەوپەڕی توانا وەك کۆمەڵناسێك لە کێشە و گرفتەکانم ڕامێنم نەك بە دید و بۆچوونێکی بەرگریکار لە مەسیحیەت. کە باسیش لە پرسە مەسیحییەکان دەکەم، تەنها لەبەرئەوەیە خۆم بایەخ بە کولتووری مەسیحییەت و جیهانی خۆرئاوا و ئینگلترا دەدەم» (بڕوانە: چەند تێبینیەك بەرەو پێناسەکردنی کولتوور،

لاپەڕە 96)، بەڵام تێبینییەکەی لاواز و بێهوودەیە کاتێك دەبینێت ناتوانێت خۆی لە گۆشە نیگا ئایینیەکان بە دوور بگرێت، چونکە وەك خۆی دەڵێت: «هیچ کەسێك نییە بتوانێت بە تەواوی خۆی لە گۆشە نیگا ئایینیەکان دوور بگرێت، چونکە مرۆڤ دواجار یان ئیماندارە، یان بێ ئیمان. کەواتە کەس ناتوانێت لەو مەیلە ئایینیە بەری بێت و کۆمەڵناسی ئایدیالیستییش وەهایە. کەواتە دەبێت خوێنەریش بیر و بۆچوونە ئایینیەکانی نوسەر بەهەند وەربگرێت» (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو).

ئەم قسەیەی ئیلیۆت تێبینییە لەسەر تێبینی و شێوازێکە چەندینجار بە مەبەست و تێگەیشتنەوە پابەندی بوە بۆ ڕەنگکردنی هەڵوێستە فیکرییەکانی بە گشتی، گوزارشتیشە لە مۆرکی دیالێکتیکی لە هزر و بیریدا، چونکە لە زۆربارادا ئاماژەیە بۆ بیرۆکەیەك و پارادۆکسەکەشی. ئەمە لە بارەی پرسی یەکەمەوە کە پەیوەندە بە مۆرکی فیکریی نموونەگیر لە ئەنگێزەی ئایینیی پارێزکاری ئیلیۆتەوە.

پرسی دووهەمی پەیوەند بە مۆرکی بابەتییەوە، پەیوەستە بە قۆناغی دوای جەنگی دووهەمی جیهانی و گەورەیی کاریگەری و دەرەنجامە توند و فراوانگیرەکانی ئەو جەنگەوە لەسەر فیکر و هاوکات کۆمەڵگەی ئەوروپی، کە لەسەر ئاستی هزر و بیر و ئاراستەکانیش دووچاری دابەشبوون و پێکدادان و تێکشکان هاتن. لە سایەی ئەو بارودۆخە نەچەسپاوە پڕ مەترسییەدا، جارێکی تر مشتومڕی فراوان لە بارەی چارەنوسی شارستانیی خۆرئاوا و ئایندەی ئەو شارستانییە لە جیهاندا دەستیپێکردەوە.

ئیلیۆت لەو نێوەندەدا دەیەوێت چارەنوسی کولتووری ئەوروپی بە ئایینەوە ببەستێتەوە و لە پێناوی دوو ئامانجی بنچینەییدا تەئکید لەو پێکەوە گرێدانەی کولتوور و ئایین دەکاتەوە، کە ئەورووپا دوای دەرچوونی لە جەنگ پێویستی پێیانە.

ئامانجی یەکەم: دانانی ئایین بە تاکە زەمانەت بۆ یەکێتی و یەکانگیریی کولتووری ئەورووپایی، ئەویش لە ترسی دابەشبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکاریی ئەورووپا بەسەر خۆیدا. ئیلیۆت لەم چوارچێوەیەدا و لە کۆتا بەشی کتێبەکەیدا بە بایەخەوە باس لە یەکێتی کولتووری ئەوروپی دەکات، بۆ ئەوە چوە کە ئایین ڕەگەزە کولتوورییە هاوبەشەکانی بۆ ئەورووپا هێناوە و ئاگایی داوە لە دەستوەردانی سیاسەت لە کولتوور کاتێك ئەو کاریگەرییەی دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی کۆمەڵگە ئەورووپییەکان لە یەکتری. لەو بارەیەشەوە دەڵێت: «ڕەنگە لە راوبۆچوونە سیاسییەکاندا زۆر لەیەك جیاواز و ناکۆك بین، بەڵام بەرپرسیارێتیی هاوبەشمان ئەوەیە کولتووری هاوبەشمان بپارێزین و دوور لە کاریگەرییە سیاسییەکان ڕادەستی نەوەی دوای خۆمانی بکەین».

ئامانجی دووهەم: پەیوەندە بە ڕۆڵی ئایین لە پوختکردنی شارستانی ئەوروپی و دەرهێنانی لە دابەزینی ئاستی ڕۆحی و مایە پوچبوونی بەهاکانی کە پێیگەیشتوە. ئیلیۆت لە قەسیدەی «خاکی وێرانە»دا گوزارشتی لەو هەڵوێستە کردوە کە لە ساڵی 1922 دا هەڵایەکی ناوەتەوە و هەندێك لە ڕەخنەگران بە ئیشێکی جوانی دەزانن. قەسیدەکە بەراوردێکە لە نێوان مایەپوچ بوونی ڕۆحی ئەو

سەردەمەی ئەوروپا و یەکێتی و بەهاکانی پێشووتری. لە کۆتایی کتێبەکەیشیدا دەڵێت: «دەتوانین لایکەمی هەندێك لەو ئەزموونانە ڕزگار بکەین کە لە ئەمانەت نواندندا دەرهەقیان هاوبەشین. واتە کەلەپوری یۆنان و ڕۆمان و عیبرانییەکان و کەلەپوری ئەوروپا لە میانەی دواین دوو هەزار ساڵدا. لە جیهانێکیشدا کە هەمان وێرانەیی مادیی وەك ئەم جیهانەی ئێمەی بە سەردا هاتبێت، ئەم گەنجینە ڕۆحییانە دووچاری مەترسی دەبن».

ئەمەش مانای وایە کە سوور بوونی ئیلیۆت لەسەر ئایین هاوکات گوزارشتیشە لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لە دید و ڕوانینی بۆ شارستانییەتی ئەوروپا. لێرەشەوە لە دانایی و حیکمەتی ئیلیۆت تێدەگەین لە بارەی پەیوەندیی نێوان کولتوور و ئایینەوە.

## پاش تیۆرەکە...پێشکەوتن یان پاشکەوتن

نازانم تیۆرەکەی ئیلیۆت لە بارەی پەیوەندیی نێوان کولتوور و ئایینەوە تا چ ڕادەیەك لە سەردەمی خۆیدا مشتومڕ و ئاستێکی دیاریکراوی ڕەخنەیی لێکەوتوەتەوە، بەڵام تیۆرەکە خۆی جێی مشتومڕ و قسە لەسەر کردنە، چونکە لە سەردەمێکدا هێنرایە مەیدان لای ئەوروپاییەکان پەرۆشی بۆ ئایین لاواز بوو و ئیتر داکۆکی کردن لە ئایین لای بیرمەندان و ڕەخنەگرانی ئەوروپایی بەو جۆرەی ئیلیۆت بە وزە و هێزێکی زۆرەوە هێنایە کایەی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکانەوە بە کەمی دەکرا، بە تایبەتی دوای ئەوەی پێگەی ئایین لە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکاندا کەم بووەوە و بایەخێکی زۆر زیاتر لە ئایین بە کولتوور دەدرا. بۆیە هێندەی ئاگادارم لە نوسین و کتێبەکاندا زۆر بە کەمی بایەخ دراوە بەم تیۆرەی ئیلیۆت لە بارەی پەیوەندی کولتوورەوە بە ئایین، هەرچەندە بە زۆریش ناوی ئیلیۆت دەهێنرێت، بەڵام وەك پێویست بایەخ بە تیۆرەکە و گوتە و بیر و بۆچوونەکانیشی نەدراوە.

لویس دۆلۆی کۆمەڵناسی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا «کولتوری تاکە کەسی و کولتووری جەماوەری» کە ساڵی 1978 بڵاوکراوەتەوە، بە گەڕانەوە بۆ مێژوی کۆن، تا دەگاتە سەردەمە نوێ و هاوچەرخەکان بەدواداچوون بۆ بیرۆکەی کولتوور و پەیوەندیی کولتوور بە کایە و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە کولتوورەوە دەکات، دەگاتە بواری پەیوەندیی کولتوورەوە بە ئایین، بەڵام ناوی ئیلیۆت نابات و پێموایە بۆ ناو نەهێنانی هیچ پاساوێکی نییە و لەو پشتگوێ خستنەی ئیلیۆت و پاساوەکانیشی تێناگەم.

دۆلۆ لە پەراوێزێکی زۆر کەمدا لە ڕووی چەندێتییەوە زۆر کەم و لە ڕووی مێژووییەوە سەرپێی و لە ڕووی مەعریفیشەوە سادە باسی لە پەیوەندیی کولتووری بە ئایینەوە کردوە، بەڵکو تەنها دووجار باسی لەو پرسە کردوە، جارێکیان کە گەڕاوەتەوە بۆ مێژووی کۆن و چۆنێتیی پەرەسەندن و بەرجەستە بوونی بیرۆکەی کولتوور لە یۆنانی دێرینەوە تا دەگاتە سەردەمی ڕو لە گەیشتنیدا بە ئەوروپای سەدە ناوەڕاستەکان، کە لەوێدا ئیتر لە باسکردن لە پەیوەندیی کولتوورەوە بە ئایین دەوەستێت.

لویس دۆلۆ پێیوایە گەشەسەندن و كرانەوەی ژیانی مەسیحییەت لەو سەردەمەدا پێكداچوونێكی سەپاندوە لە نێوان كولتوور و ئاییندا بێئەوەی ئەو پێكداچوونە كاریگەریی هەبوو بێت لە پەرەسەندنی چەمكی كولتوور، بەڵكو بە ڕای ئەو كولتوور لە قۆناغی قۆرخكاریی گروپی نێوكلێسا و دەیرەكاندا ماوەتەوە و پرسێكی میللیی تایبەت بوە بە كایەی موعجیزە و دروستكردنی بینای كلێسا و كاتدرائییەكان. (بڕوانە كتێبی: كولتووری تاكە كەسی و كولتووری جەماوەری، لویس دۆلۆ، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی خێرەدین عەبدولسەمەد، دیمەشق وەزارەتی ڕۆشنبیری 1993، لاپەڕە 26).

لە جاری دووهەمیشدا لە قسەكردندا لە بارەی كەش و هەوای كولتوور و پرسی بۆ ماوەیی كۆمەڵایەتییەوە، كە بەلای ئەوەوە دەبێتە بنچینە بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە نێوەندە كۆمەڵایەتییەكەوە كە كەش و هەوا بۆ كولتوور دەڕەخسێنێت، باس لە پەیوەندیی نێوان كولتوور و ئایین دەكات، لەبەرئەوەی ئایین وەك دۆلۆ باسی دەكات، تاكە شێوازی ژیانە كە لە ساتەوەختی لەدایكبوونییەوە تا مردنی یارمەتی مرۆڤ دەدات، بۆیە گرنگییەكی تایبەتی هەیە.

بە لایەنی هاوبەندییەكانی نێوان كولتوور و ئایینیشەوە، ئەم پرسە لە دیدی لویس دۆلۆدا دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەكانی شارستانی. دەبینین یۆنان جیاوازییان لە نێوان هەردوو چەمكی كولتوور و ئاییندا نەكردوە، لای ڕۆمانەكانیش ئایین لە پێش كولتوورەوە بوە، وەك دۆلۆ وەسفی دەكات تا ئەمڕۆشمان لە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا ئایین وەزارەتی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر ئەو وەزارەتانە كاروبارە كولتوورییەكانیش بەڕێوەدەبەن. ئەوەی دۆلۆ دواجار پێیدەگات ئەوەیە كە پەیوەندییەك لە نێوان كولتوور و ئاییندا هەیە، چونكە پێیوایە كولتووری ڕاستەقینە ناتوانێت دەستبەرداری ڕادەیەك لە ئاكارییبوون بێت.

بەڵام تیری ئیگلتۆن ڕەخنەگری ئێرلەندی لە كتێبەكەیدا «بیرۆكەی كولتوور» كە ساڵی 2000 دەركراوە، هەرچەندە باس لە دوبارە قسەكردنەوە لە پەیوەندیی نێوان كولتوور و ئایین لەم سەردەمەدا دەكات، بەڵام وەك بابەتێك نەگەڕاوەتەوە بۆ بۆچوونەكانی ئیلیۆت لەوبارەیەوە و پێدەچێت بەهایەكی باڵای بە هزر و بیرەكانی نەدابێت، بەڵكو جارێك بە كەسێكی ئایینی پارێزكار و زۆرجاریش بە لایەنگری بۆرژوازییەت و ڕەتكەرەوەی تیۆری كۆمەڵی لیبراڵیی ناودەبات.

گرنگیی ئەو پەراوێزە كەمەی كە ئیگڵتۆن بە پەیوەندیی نێوان كولتوور و ئایینی داوە لە بە دەرەنجام گەیشتنی ئەو پەیوەندیە دایە لەمڕۆماندا، ئەویش پاش تێپەڕوونی بە چەندەها بگرە و بەردە و مشتومڕی زۆر توند و لەیەك جیاواز كە تیایدا وەك ڕەوتێكی گشتی لە فیكری ئەورووپیدا پێگەی كولتوور باڵاتر بوە لە پێگەی ئایین. ئەوەی ئیگڵتۆن باسی كردوە تا ڕادەیەك لە پێداچوونەوە دەچێت بەو پەیوەندییەی نێوان كولتوور و ئایین، وێڕای تەئكید كردنەوە لەوەی كە هەرگیز كولتوور نابێتە ئەڵتەرناتیڤی ئایین.

لەوكاتەوەی وەك ئەڵتەرناتیڤی ئایین تەماشای كولتوور كراوە و وەك ماتیۆ ئارنۆڵد دەڵێت بوەتە

خاڵـی وەرچەرخانـی مێژوویـی، ئیشـەکانی ئارنۆڵدیـش نیشـانەیەکیان لەسـەری پێکهێنـاوە، ئەویـش بـەو هۆیـەی کولتووریـش ڕێـز لـەو شـتانە دەگرێـت کـە ئاییـن وەك ڕێگەیەکـی ئایینـی، هێمایـی، هەسـتپێکراو، یەکێتیەکـی کۆمەڵایەتـی، شوناسـێکی دەسـتە جەمعـی، کۆکـەرەوەی ئـاکاری کـرداری و ئایدیالیزمیـی ڕۆحـی، پەیوەسـتییەك لـە نێـوان ڕۆشـنبیراندا بـە گشـتی ڕێزیـان لێدەگرێـت. ئەمجـۆرە بیروبـاوەڕە لای ئیگڵتـۆن جێـی گومانـە، چونکـە لای ئـەو کولتـوور تەنهـا بـە دوو هـۆکارەوە دەبێتـە ئەڵتەرناتیڤێکـی دامـاوی ئاییـن، کولتـوور بـە مانـا هونەرییـە بـەر تەسـکەکەی تەنهـا بڕێکـی کـەم لـە خەڵکـی دەگرێتـەوە، بـە مانـا کۆمەڵایەتییـە فراوانەکەیشـی لەوێـدا بـە وردی بەرقـەرار دەبێـت کـە ئـەو خەڵکـە کەمتریـن تەبایـی و پێکـەوە گونجـان و یەکێتییـان هەبێـت» (بڕوانـە کتێبـی: بیرۆکـەی کولتـوور، تێری ئیگڵتـۆن، وەرگێڕانـی بـۆ عەرەبـی سـائیر دیـب، دار الحـوار 2000، لاپـەڕە 92).

ئەمـە لـە بـارەی تەڵزگەکـەوە لـە ڕابـردوودا، لـە بـارەی ئێسـتاوە ئیگلتـۆن پەیوەندیـی نێـوان کولتـوور و ئاییـن لەسـەر بنچینـەی پێویسـتی و بەرژەوەندیـی بەگەڕخسـتن و ئایدیۆلـۆژی پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، کـە پەیوەندیـی بـە پێویسـتیی خۆرئـاواوە هەیـە کـە لەلایەك یەککرتـوو و لـە لایەکـی تریشـەوە بـە تواناتـر بێـت لـە بەرەنـگار بوونـەوەی دوژمنانـی، بـە تایبەتـی کـە دوژمنانـی (موسـوڵمانان) بـن، وەك ئیگڵتـۆن خـۆی ئـەم وێنایـە دەکات، کـە بێگومـان وێنـا کردنێکـی زۆر هەسـتیارانە و وروژێنـەری ڕق و کینـە و دوژمنایەتییـە، چونکـە کولتـوور بـە پێـی بۆچوونـی ئـەو، بـۆ ئـەوەی خۆرئاوایەکـی پینەکـراوی تـا ڕادەیـەك ناکـۆك بەیـەك بێنێتـە ئـارا لـە بەرانبـەر کولتوورێکـدا کـە بـە تـەواوی مانـای وشـەکە کولتوورێکـی خراپـە، بێگومـان زیندووکردنـەوەی کەلەپورێکـی کلاسـیکیی مەسـیحی مرۆڤدۆسـتی لیبراڵـی هاوبـەش بـۆ ئـەو مەبەسـتە ڕەنگـە بیسـەلمێنێت شـێوازێکی سـەرکەوتوە لەبـەر پەرچدانـەوەی بەربەرییـە داگیـرەکان کـە لـە دوورەوە هێـرش دێنن...پەیمانـی ناتـۆ و یەکێتـی ئەوروپـا دەبێـت بـە هۆکارێـك هاوبەنـدی و پەیوەندییەکانیـان بەهێـز بکـەن کـە هێنـدەی بیرۆکراتـی و ئامانجـە سیاسـییەکان و بەرژەوەندییـە ئابوورییـە هاوبەشـەکانیان تۆکمـە نەبێـت، بـە تایبەتـی لـە بەرەنگاربوونـەوەی دوژمنانێکـی وەك موسـوڵمانان کـە کولتـوور بـە مانـا رۆحییەکـەی بەلایانـەوە گرنگییەکـی زۆر زینـدووی هەیـە. دواجـار ئاییـن، ئیگڵتـۆن دەڵێـت، ئـەو هێـزە ئایدۆلۆژییـە کـە مێـژووی مرۆڤایەتـی هەرگیـز نەیتوانیـوە هێزێکـی لـەو هێـزە کاریگـەر و کاراتـر بدۆزێتـەوە. کولتـوور لای ئیگڵتـۆن تـا ڕادەی مـردن لاواز دەبێـت ئەگـەر لـەو ڕەگ و ڕیشـەیە دابڕێـت کـە لـە نێـو جەرگـەی ئاییندایـە. بۆیـە کولتووریـش سـوورە لەسـەر ئـەو ڕەگ و ڕیشـەیەی تەنانـەت گـەر ببێتـە هـۆی دەرچوونیـش لـە بابەتەکـە».

بـەڵام ئـەو زیندووکـردن و بوژاندنـەوەی ئایینـە وەك ئیگڵتـۆن گوزارشـتی لـێ دەکات، لـە لایـەك ئەگـەری شکسـت و لـە لایەکـی تریشـەوە ئەگـەری دووچـار هاتنی بـە مەترسـی فەندەمێنتـاڵ بوونـی لێدەکرێـت. ئیگڵتـۆن ئەرکـی شکسـتهێنان بـە هەوڵەکانـی بوژاندنـەوەی ئاییـن دەخاتـە ئەسـتۆی سـەرمایەداری و بنچینـەی دنیایـی

سەرمایەداری و چەپی بێ ئایین لەو بەرپرسیارێتییە دوور دەگرێت. ئەو دەڵێت: «عەلمانییەتێکی سەرمایەداری دەتوانێت هەموو هەوڵەکانی بوژاندنەوەی ئایین شکست پێبێنێت. چالاکییە دنیاییە سەرمایەدارییەکان شکۆی ئایین تێکدەدات نەك چەپی بێ ئایین، چونکە بنچینەی دنیایی سەرمایەداری ئەو سەرخانە رۆحییە تێکدەدات، کە بۆ سەقامگیربوونی پێویستی پێیەتی». مەترسیی فەندەمێنتاڵییش، بە پێی رای ئیگڵتۆن، هەر هەوڵێك بۆ بوژاندنەوەی ئایین لەگەڵ فەندەمێنتاڵییەکی ئایینیی تردا پێکدا دەدەن و لەو پێکادانەشدا فەندەمێنتاڵییەکی دژ دروست دەبێت، بۆیە بەپێی بۆچوونی ئەو «بە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ فەندەمێنتاڵیی ئایینیی تردا کە هەمان جۆر فەندەمێنتاڵی بەرهەم دەهێنێت، دەبێت خۆی بخاتە مەترسییەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەستبەردار بوون لە بنچینە مرۆڤدۆستییە لیبراڵییە باڵاکەی و دواجاریش گەیشتن بە دۆخێك زەحمەت بێت، لەگەڵ دۆخی ڕکابەرانییدا لە یەك جیابکرێتەوە».

ئیگڵتۆن فەندەمێنتاڵیزم بە ئایدۆلۆژیای ئەو کەسانە لە قەڵەم دەدات کە نوێگەری دەستبەرداریان بوە.

ئەوەی ئێمەش لەم شیکارەی ئیگڵتۆن تێیدەگەین ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان کولتوور و ئایین لەو قۆناغەدا جێی گرژی و ئاڵۆزییە نەك تەبایی.

ئەوەی باسکرا هەندێك لە گۆشە نیگاکانی ئەوروپا بوو لە بارەی پەیوەندیی نێوان کولتوور و ئایین، کە گوزارشتە لە وێنەی وەرچەرخان و گۆڕانێکی لەو پەیوەندییە لە سەردەمە جیاوازەکاندا. لە سەردەمی ئیلیۆت دوای جەنگی دووهەمی جیهانییەوە تا سەردەمی لویس دۆلۆ لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم و سەردەمی تیری ئیگڵتۆن لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك. مۆرکی ئەم ڕەوتە فیکری و مێژووییە دیالێکتیکی پەیوەندیی نێوان کولتوور و ئایینمان بۆ دەخاتەڕوو، کە بەردەوام لە باری گۆڕان و ناجێگیریدا دەبێت. لەمڕۆیشدا مەیلی بە لای بەهێزکردن و چەسپاندنی ئەو پەیوەندیەدایە، بەڵام دڵنیا نیین لە ئایینەدا پەیوەندییەکە بە هەمان شێوە بمێنێتەوە. دەکرێت کۆی بیر و بۆچوونە بنەڕەتییەکان لە بارەی پەیوەندیی کولتوورەوە بە ئایین لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

1- ڕوانین بۆ کولتوور وەك ئەڵتەرناتیڤی ئایین، یان فراوانتر لە ئایین بە پێی دیدی متیۆ ئارنۆڵد.

2- ڕوانین بۆ کولتوور وەك ئایینی تەواو بە پێی بۆچوونی ڕۆنان.

3- هەڵەی بە جیاواز و هاوکات هاوشێوە ڕوانین بۆ کولتوور و ئایین، بە پێی فیکری ئیلیۆت.

4- پێویستیی کولتوور بە ئایین بۆ ئاکاریبوونی، بە پێی بیر و بۆچوونی لویس دۆلۆ.

**سەرچاوە:**

کتێبی (المسالة الثقافیة، من اجل بنا و بقریة فی الثقافة). المرکز الثقافی العربی 2005